# کراسی کوردی نەخشێراو بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان




دەتوانین ســـوود لە ئامڕاز و شێوازەکانی ســـتایلی جۆراجۆر وەربگرین، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین گۆڕانکاری بەســـەر جوانیی جلە کوردیەکاندا بهێنین و بە مەرجێك ســـتایل و شـــێوەی کۆنی خۆی لە دەســـت نەدات و بەرەو گۆڕانکاریی تازە هەنگاو بنێت، وەك دانانی نەخش و شـــێوەی ئامادەکراو، کە بە خواستەوە بێ، واتە ئەو خانمە دەتوانێت چ جۆرە مۆدەیەکی بوێت لەســـەر کراسەکەی بنەخشێنێت، وەك ئەوەی هێمای ڕەنگەکانی ئاڵای کوردســـتان لەسەر کراس بدەین، یان شێوەی نەخشەی کوردستان ڕەنگ بداتەوە لەســـەر کراس، ئەمەش وەك زیاتر نیشـــاندانی دیمەنی کورد و کوردستان، بە تایبەت کاتێك کراسەکە لە ڕەنگی سپی بێ، یان هەر ڕەنگێکی دیکە، چونکە لەگەڵ ڕەنگی ســـپی، نەخش و شێوە دانان بە جوانی لەسەر کراســـەکە دیار دەکەوێت، وەك ئەو جۆرە مۆدەیـــە لەلایەن خاتوو (نیشـــا)خان کە کاری دیزاینەر دەکات و ئەو جۆرە کراســـەی دووریوە، وەکو یەکێك لە مۆدە جوان و سەرنجڕاکێشـــەکان کە جێگەی بایەخی گشـــت جۆرە مۆدەیەکە، دەبێتە یەکێك لە شـــیاوترین مۆدەکانی جلوبەرگ و کراسی کوردی کە بە نەخش و ڕەنگی ئاڵای کوردستان ڕازاوە بێت.

## دیمەنێک لە جوانی گوارەی بازنەیی

دیمەنێکی ناســـك و ڕازاوە لە ئەڵقەیەکی ســـادە، کـــە بـــە ڕەنگێکـــی ســـپی و سەرەنجڕاکێشـــەوە کاری بۆ کراوە، کاتێك لـــە گوێچکە دەخـــرێ، دیمەنێکی دیکە دەبەخشـــێ، کە شـــیاوی جوانیەکی ڕەها و ناســـکە، پێکهاتووە لە دوو بەشـــی ســـەرەکی، یەکێکیـــان شـــێوەی کۆتایی کە بازنەیەکی قەشەنگ و شایستەیە، ئەوەی دیکەش بەشـــی بەســـتنەوەی بەشی کۆتایـــی بـــە گوێچکەکەیە، لە ئەڵماس دروســـت کـــراوە و مـــۆدەی دیکەشـــی لەســـەر ماددەکانی دیکە هەیە و دیمەنێکی ناسکی هەیـــە، دەتوانین لەگەڵ ئـــەو گوارەیەدا، شـــێوەیەکی جوانی ببەخشـــین، تەنانەت دەبێتە مایەی گونجاندنی لەگەڵ جەستە و پێســـتی ڕوومەت، چونکە شێوەی ئەو گوارەیە ناسکە و سەرنجڕاکێشە.










## برژانگ و گونجاندنی لەگەڵ ماکیاژی چاو

دوو شـــێوە ماکیاژی جـــوان و ڕازاوە، کە بۆ ئەو چـــاوە ئامادە کراوە، جوانترین بەشـــەکانی ئەو ماکیاژە، ئامادەکارییە بۆ ماســـکارا کردنی برژانگەکان، کە بە شـــێوەیەکی دروست و جوان کاری بۆ کراوە، لەگەڵ دانانی جوانی ماکیاژی چاو، لەو کاتە زیاتـــر دەردەکەوێ، کە چاوەکان دەنووقێنـــن، چونکـــە لەو کاتە هـــەر یەکە لە برژانگ و پشـــت چاو بە تەواوی دیار دەکەون، بۆیە دەکرێ سوود لەو ساتە وەربگرین، بە تایبەت لە کاتی ماکیاژ کردن، کە دەتوانین بە کەسێکی دیکـــەوە کاری ماکیاژ بکەین، بۆ پشـــت چاو، یان بۆ کاتی چاو ترووکاندن، کە خۆت ناتوانیت کاری لەســـەر بکەیت، بەمەش کەسێکی دیکە ڕاسپێرە، شێوەی پشـــت چاو و ڕەنگی برژانگ و دانانی ماسکارایەکی ڕێك، دەبێتە هۆکارێکی جوانی لە ماکیاژێکی شـــیاو بۆ چاوت، بەڵام دەکرێت حیســـابی ئەوە بکەین کە ڕەنگی پشت چاو و ماکیاژ یان برژانگ، بە تایبەت شێوەی ئامادەکاری برژانگ، لە کاتێکدا ماسکارا بکە، کە دوای دانانی ڕەنگی پشت چاوەکان، تاوەکو کار دەکاتە ســـەر ڕەنگەکە و شێوەی بشێوێنێ، تا دەتوانی ڕەنگی پشـــت چاو بکە و ماوەیەك بوەســـتە تاوەکو تەواو وشـــك دەبـــێ، بەمەش دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستتە بۆ دانانی جوانییەکی ڕازاوە لە ماکیاژێکی ناسك و جوان بۆ چاوەکانت.











# ڕەنگی سپی و پەمەیی بۆ ژووری نووستن

هەر بەشێك لە دیكۆری ماڵ، بە گرنگترین بەش دادەنرێت لە بواری جوانكاری و ستایلی ماڵدا، ئەمەش بەپێی گرنگی خۆی، واتە هەر شوێنێك لە ماڵ، پێویستی بە دیكۆر و كەرەستەی تایبەت هەیە، ڕەنگە نەتوانین گۆڕانكاری بە هەموو بەشەكان بكەین، بەڵام دەتوانین لە چەند بەشێكی سەرەكی ئەو گۆڕانكاری و ئامادەكارییە ئەنجام بدەین، لەگەڵ هەر مۆدەیەك، جۆرە ستایل و دیكۆرێكی دیكە پەیدا دەبێت، بەڵام هەندێك شوێن لە ماڵدا هەن، كە بۆ جارێك یان بۆ ماوەیەكی زۆر، دیكۆرێكی نایابی پێدەدرێت، ئەویش ژووری نووستنە، ئەو ژوورە بەهۆی ئەوەی جێگەیەكی بەرچاوی لە دیكۆری ماڵ هەیە، هەروەها دیكۆری ژووری نووستن، وەك ئەوەی جێگەی حەسانەوە و پشوودانە، بۆیە پێویستی بە دیكۆرێكی هێمن دەبێت، زیاتریش ڕەنگ یان دیكۆری ژوورەكە، خۆی دەسەپێنێت كە بە چ ستایل و دیمەنێك ببێتە ئەو جۆرە دیكۆرە كە شیاو بێ،جوانترین ڕەنگ بۆ ژووری نووستن ڕەنگی سپی و پەمەیی دەبێت، گرنگە كە دیكۆری سەرەكی وەك دیوار و خوارەوە و سەرەوەی ژوورەكە لە ڕەنگی سپی بێت، هەروەها كەرەستەكان لە ڕەنگی پەمەیی بن.

# پانتۆڵی كورت بۆ خانمانی تازە پێگەیشتوو

هەموو مۆدەكانی پانتۆڵ، جێگەی بایەخ و گرنگی خانمانن، بە تایبەت ئەوانەی لەگەڵ مۆدەكاندا دەردەكەون، خانمانیش بە پەرۆشەوە دەیپۆشن، بەمەش دەبێ كار بكەین لەسەر جوانی و شێوازەكانی مۆدەی پانتۆڵ، كە جلێكی جوانە و تایبەتە و نمایشێكی جوان و نایاب بە جەستە ببەخشین و هەر مۆدەیەكی لەم جۆرە، ئاڵۆدەی جوانی جەستەی ئەو خانمانەوە بێ، كە پانتۆڵەكە دەپۆشێ، بە تایبەت ئەو كچانەی تازە پێدەگەن، كە حەز بە جۆرەها مۆدەی تازە دەكەن، بەمەش حەزی كچانی تازەپێگەیشتوو لەسەر مۆدەی تازەیە، كە بەگوێرەی تەمەن و شێوەی جەستەی خۆیانە، بۆیەش ئارەزوویان زیاتر لەسەر پانتۆڵی كورت و شێوە نیوەیە، ئەوەی كە بە (سێ چارەگ) ناسراوە لە زمانی قسەكردن، پانتۆڵی سێ چارەگ، مۆدەیەكی شایستەی هەیە، چونكە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ جوانی پێست لەلایەك و هەروەها لەگەڵ جوانیی جەستە و بۆیە دەتوانین لەگەڵ ئەو مۆدە جوانەدا، ڕێكخستنێكی تەواو دابین بكەین تاوەكو بگەین بەو ئاستەی جوانی كە لەلایەن پانتۆڵەوە دەستمان دەكەوێ، بە تایبەت كاتێك پانتۆڵی لەم شێوەیە بێ و كە دەكرێ لەگەڵ جلوبەرگی سەرەوەی كورت و چەندین جلوبەرگی دیكەشەوە لەبەر بكرێت، بۆیە ئەو جۆرە پانتۆڵە بۆ خانمانی تازە پێگەیشتوو مۆدەیەكی شیاو و جوانە.







# کۆچــک



**ڕەوەند بەختیار**

ڕەنگە زۆر جۆرو شێوازی ڕازانەوەی کۆن هەیە ببێتە مایەی هەڵوەستە کردن، کە چۆن بۆ مەبەستی جوانکاری یان ڕازانەوە بەکار هاتووە، کۆچك یەکێکە لەو جۆرانە، کۆچك بەرهەمێکی چنراوی ژنانی پێشـــووەو دەیانچنی بۆ منداڵان بەتایبەت منداڵی بچووك، کۆچك بۆ گەنجان لە جێی کلێتەیە واتە ئەگەر گەنجان لەســـەریان نا و قەبارەکەی گەورەبوو پێـــی دەڵێن کلێتە، بەڵام ئەگەر بچووکبێت بۆ منداڵ بە کار بێت ئەوە پێی دەڵێت کۆچك، کۆچك زیاتر لە جەژندا لەسەری منداڵان دەکرا لە کۆندا ئەوەی کۆچکی لەســـەرنەبا ئەوە خانەدانی پێوە دیاربوو، کۆچك شێوازی جۆر بەجۆی هەیە هەیانە تەنیا لە داو و خوری پێك دێت و هەشیانە ئاوریشمی لەگەڵ دەکرێت و پشتەوەی درێژە، لە سەرەوەش سێگۆشەیە و شێوەیەکی جوان و ناسکی هەیە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە کەرەستە جوان و سەیرەکان کە کورد سەردەمانێکە بەکاریهێناوە.



# ئەستووکە بـــــە تەندوور


ساڵەهای ساڵە کورەدەواری خۆمان بە کاری جـــوان و بەپێـــز بەردەوامییان بـــە ژیان داوە، ئەمەش وایکردبوو کە پەنا نەبەن بۆ بەرهەمی بیانی لە گشـــت کەرەســـتە و خۆراك و شتی دروستکراو، یەکێك لەو خواردنە خۆشانەی کە پێشان هەبووە، تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی کەم ماوە، ئەویش ئەستووکە بە تەندوورە، ئەستووکە بە تەندوور، وەك خواردنێکی بەیانیان، تەنانەت بـــۆ ئێوارانیش دادەنرا، بەڵام زیاتر بۆ بەیانیان بوو، لەگەڵ چای یان ماست و دۆ و قەیماغ و سەرتوو دادەنرا، دروست کردنی ئەستووکە بە تەندوور، سەرەتا بە شێلانی هەویرێکی باش و تێکردنی هەویری ترش تاوەکو هەویرەکە هەڵسێت و بۆ ماوەیەکی باشیش دەشێلدرا تا بە جوانی یەکدی بگرێت، دواتر هەویرەکە دادەپۆشرێت بۆ ماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێر، پاشـــان تەندوور گەرم و ســـوور دەکرێتـــەوە، هەویرەکە دەکرێتە ئەنگوتك و ســـەرەوەی هەر ئەنگوتێك چەور دەکرێ بە ڕۆنی زەیت یان کەرەی ئاســـایی، بـــەڵام دەبێ ئاگرەکە بکوژێتەوە و تەنیا ئاگرە سوورەکە دەمێنێتەوە، دەبێ پارچە پەڕۆیەك لە دەســـت بخرێت ودەبێ زۆر بە قایمی هەویرەکە لـــە تەندوورەکـــە بدرێت، تاوەکـــو بیگرێت و بەری نەدات دوای ســـووربوونەوە، بە ماشـــە ئەستووکەکە لە تەندوورەکە دەردەهێنرێت، ئینجا لەسەر سفرە بۆ خواردن ئامادە دەبێت.


# دوو بووک و زاوای جمک!

لەلای خۆشـــمان زۆر جار بووە کە دوو برا یان سێ برا، بوون بە هاوسەری دوو یان سێ خوشك، بەڵام ڕەنگە ڕێکەوتی هاوسەرگیرەکەیان جیاواز بێت لەگەڵ ئەوانـــەی دیکە، وادیارە لەلای ئەو دوو بـــووك و زاوایە جمکـــە، کارێکی جوانیان کردووە کاتێك ویســـتویانە هاوسەرگیری بکەن، هەردوو هاووڵاتی ئەمەریکی (جیمس و ئەنتوان)



# خانوویەک لـــــە شووشە !







پەندێکـــی کـــوردی هەیـــە، دەڵێ ئەگـــەر ماڵت لە شووشـــە بوو، بەرد مەگرە ماڵـــی کەس، وادیارە ئەندازیارێکـــی بەریتانی، بیری لـــەو پەندە کوردییە کردۆتەوە و بۆیە خانوویەکی لە شووشە دروستکردووە، ئەندازیارەکە ناوی (کارلۆ سناتمریجیو)یە و لە وڵاتی بەریتانیا دەژی، لە سەیرترین شت لەو خانووە،تەنانەت لە دەرەوە هەموو شوێنێکی دیارە و دەتوانیت بە ئاسانی هەموو شـــتەکان ببینیت، نزیکەی (٤٠٠٠) جونیەی ئوســـتەرلینی خەرج کردووە تا گەیشتووەتە کۆتایی قۆناغەکانی تەواو بوونی ئەو خانووە، ئەوەی ســـەیرە ژووری گەرماویـــش هەر لە شووشـــەیە، ئینجا وەرە خۆت لەو گەرماوە بشۆ!!



# بەهێزترین و درێژترین زۆرانبازی ئافرەت

ئەوانەی خاوەن جەستەیەکی بەهێزن و یان بە هۆکارێك لە هۆکارەکان دەبن بە یەکێك لە بەهێزترین ئەو کەسانەی هاوتەمەن و شێوەی خۆیانن، (لیندی هاورد)ی تەمەن (٢٤) ساڵ، کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا دەژی، تا ئێستا یەکێکە لە درێژترین ئافرەتەکانی هاوتەمەن خۆی و تەنانەت گشت جیهان، ئەو وەرزشی زۆرانبازی ئافرەتان دەکات و یەکێکە لە پاڵەوانە بەهێزەکانی ئەو وڵاتە، درێژی باڵای دەگاتە (٢٠٥)سەنتیمەتر، کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەییە لە باڵا و تەنانەت کەس ناتوانێت بەرگەی بگرێت کاتێك لەناو حەلەبەی زۆرانبازی دەبێت.

# جەستەی چینییەکان لاستیکە!



چینییەکان لەرووی ژمارەی دانیشتووانەوە ئەوەندە زۆرن، بۆیە هەرچی حاڵەتی سەیر و سەمەرە و شتی سەرنجڕاکێشە لەو وڵاتەدا روودەدات، کە ئێستا بە وڵاتی دایکی سەمەرەی جیهان دەناسرێت، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە زیاتر لە ملیارێك کەسە، ئەگەر لە هەر ملیۆن کەسێك، کەسێکی خاوەن بەهرەی سەیر هەبێت، ئەوە لە کاری سەیر و سەمەرە ریزبەندی یەکەم دەگرن لەسەر ئاستی جیهان،وەك دەگوترێ چینییەکان جەستەیان لاستیکە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی یاری کۆنگ فۆ و کاراتێ دەکەن، هەندێکیان بەبێ ئەوەی ئەو جۆرە یاریانە بکەن، کەچی جەستەیان وەك لاستیك وایە و دەتوانن بە ئاسانی قاچیان لێك بکەنەوە، وەك لەم وێنەیەدا ئەم کچە بە سادەیی ئەو کارەی کردووە، کە ئەمەش بە کەسێکی ئاسایی ئەنجام نادرێت.

توانیان هەردوو خوشکی رەش پێست (کارینا و ئانا) بخوازن و لە رۆژێکی دیاری کراویشدا پرۆسەکەیان بەجێگەیاند، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن لەلای یەکدییەوە وەستاون و شێوەیان لە یەکدی دەچێت، جێگەی باسە هەر یەکە لەو دوو بووك و زاوایە،جمکن و بوون بە چوار بووك و زاوای جمك.



# بەدوو پەنجە (٢) ئوتۆمبێل رادەکێشێت!





ئەوانەی خاوەن جەستە وبازوویەکی بەهێزن، لە دوو رێگەیەوە پێیان دەگات، هەندێکیان بە شێوەیەکی سرووشتی لە جەستەیان هەیە، یان هەیە بە ماندووبوون و وەرزش کردن کار دەکات و بەدەستی دەهێنێت، وەك ئەو پیاوە بەهێزەی لە وڵاتی چین، کە تەمەنی (٦٠)ساڵە و کەچی بە دوو پەنجە توانی، (٢) ئوتۆمبێل رابکێشێ، ئەو پیاوە ناوی (ئان وۆن باوکشین)ە و لە نمایشێکی تایبەت و سەیردا، توانی نزیکەی دوو تەن تەنیا بە دوو پەنجە رابکێشێت، لەبەردەم کۆمەڵێك خەڵك کە تێیدا سەرکەوتوو بوو.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەكدا چەند خاڵێكی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.



## مانای خەون

**ڕووخان :** ڕووخانی خانوو لە خەودا مانای مردنی خاوەن خانووەكەیە، مردنی خاوەن خانوو لەخەودا مانای ڕووخانی خانووەكەیەتی، ئەو كەسەی لە خەودا، ببینێ خانووێك یان بینایەكی كۆن دەڕوخێنێ تووشی شەڕو ئاژاوەو غەم و خەفەت دەبێت، یان لە خەودا ببینێ خانووەكە یان بەشێكی خانووەكە ڕووخایەسەری، لەو خانووەدا یەكێك دەمرێ یان خاوەن خانووەكە كارەساتێكی گەورەی بەسەردا دێت، ئافرەت لە خەودا ببینێ خانووەكەی تەپخ بووە سەری، مێردەكەی دەمرێ .

سەرچاوە: خەوننامە !



## یاری پیت ریزكردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان ڕێكبخەی بۆ ئەوەی ناوی داستانێكی كوردیت بۆ دەربچێ.

م ز و ە ن م ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو :جوندیان

## كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




لەم ڕۆژانە هاوڕێیەكت پێویستی پێت دەبێت، یارمەتی بدە تا ئەویش یارمەتیت بدات، چونكە تۆش ئەمڕۆ پێویستیت بەیەكێك هەیە تا دەردی دڵتی لا باس بكەیت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




پێویستە دەستبەرداری هەندێك ئاواتت بیت لەبەرئەوەی بەكەڵكی ئەو قۆناغەی ئێستات نایەت، بۆیە هەوڵبدە دووبارە كارەكانت ڕێكبخەوە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



ئەمڕۆ هەست بەبێزارییەكی زۆر دەكەیت كە هەنگاوەكانت لەڕادەبەدەر خاو دەبنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو كە باوەڕت بەكەسێك كرد كە نەدەبوایە باوەڕی پێ بكەیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەم ماوەیە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی نوێ یاخود بۆ بەستنی پەیوەندیی خۆشەویستی زۆر باش نییە، هەوڵبدە دوای بخەی بۆ كاتێكی دی.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەو هیوایەی كە ماوەیەكی زۆرە خەونی پێوە دەبینیت لەم زووانە دێتە دی، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەكەت بەرە بەرە دێتەوە سەر دۆخی جاران.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



بەردەوامبوونت لەسەر ئەو هەڵوێستانەی كە لە زۆر بواردا هەتە، زیانت پێ دەگەیەنێت، پێویستیت بەئامۆژگاری دەوروبەرت هەیە.

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ڕانیە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كەرەستەیەكە بۆ دروێنە كردن بەكاردەهێنرێ)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+١) كۆ بكەیتەوە بە مانای (خەمبار بە ئینگلیزی)
- پیتی خانەكانی (٦+٥+٣) كۆبكەیتەوە بە مانای (خەڵك بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی (٣+٢+٤)كۆ بكەیتەوە بە مانای (ناوێكی دیكە بۆ كات)



# وێنە و بیرکردنەوە:

-لەم وێنەیەدا شتێکی سەیر هەیە، کە کەسێکە جگە لەو خێزانە هەیە لە وێنەکەدا بیدۆزەرەوە




## ئوتۆمبێلی سەیر

ئوتۆمبێل کەرەستەیەکی گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەمان، هەروەها ئامرازێکە بۆ گواستنەوە و گەیاندن، هەولبدە هەڵەکانی ئەو دوو ئوتۆمبێلە سەیرە دیاری بکەی، یان بزانە چ هەڵەیەك هەیە لەم دوو وێنەیەدا.






## سوقرات: قسە بکە تا بتبینم



جارێکیان پیاوێك بە جلوبەرگێکی جوان و کەشخەوە دێتە لای سوقرات، کە زۆر خۆی پێ گەورە بوو و بە جل و بەرگ و کەشخەیی خۆی دەنازی، کاتێك سوقرات ئەو دیمەنەی بینی، بە هێمنی و سادەییەوە بە پیاوەکەی گوت : قسە بکە با بتبینم ! واتە قسە بکە بزانم چ جۆرە کەسێکی لە ناخ و ژوورەوە !



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

چەند ڕۆژێك بەر لەئێستا هەندی لە گرفتەکان خەفەتباریان کردیت، بۆیە هەولبدە تا دەتوانیت لەبیری بکەیت تا باری دەروونیت ئارام بێتەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەو ئاستەنگانەی کە ماوەیەکی زۆر هاتنە سەر ڕێت بەتایبەتی لەبواری خۆشەویستی بەرەو نەمان دەچن، بەڵام پێویستیت بە هەولێکی زۆر بێ پایەن هەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئێستا بەوشێوەیەی کە خۆت دەتەوێت کارەکانت بەڕێوە دەچن، بەمەرجێك سەر لە خۆت نەشێوێنیت، یان لەژێر فشاری کاتدا کار بکەیت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم ماوەیە ماوەیەکی گرنگە لەبواری ئیش و کارتدا لەبەرئەوەی سەرکەوتنی باشی لێ بەدەست دەهێنیت، بڕە پارەیەکت بەدەست دەگات، کەللە ڕەقی ئەنجامی باشی بەدواوە نییە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


ڕەنگە پەیوەندی بەکەسانێکەوە بکەیت کە پێشتر نەتناسیون، یان ڕەنگە هەندێك توانا بخرێتە بەردەستت بۆ وەدەست هێنانی ئاواتەکانت، گفتوگۆ باشترین ڕێگەیە تا سەربکەویت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

دوورکەرەوە لەوگومانە زۆرانەی کەبەرامبەر دەوروبەرکەت هەتە، دڵت خۆشەو تاڕادەیەك لەو کێشانە ڕزگارت دەبێت کە بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو یەخەی گرتبوویت.

## نوکتە



- کابرایەک پێش ئەوەی بمرێت بە ڕۆمانسیەوە سەیرێکی ژنەکەی دەکات و دەڵێت،دەزانیت تۆ کە لەئیشەکەم دەرکرام پشتت گرتم و لەگەڵمدا بوویت، دەزانی من کە هەموو پارەکەم زەرەر کرد لە ئیشکەمدا تۆ هەر لەگەڵمدا بویت، دەزانی کە ماڵەکەم سووتا تۆ هەر دڵنەوایت دام و لەگەڵم بوویت، ئەوە ئێستاش نەخۆشم و هەر لەگەڵ منیت، دەزانیت دەتەوێت چیت پێ بڵێم؟

ژنەکە دەڵێت فەرموو بڵێ ؟

پیاوەکەش دەڵێت : تۆ زۆر شومی و نەهاتی بۆ من !